# یەکەمین رۆژنامەی کوردی تایبەت بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت

www.c4kurd.com

**تازەترین بەرنامە ، وانەی فێرکردن ، خۆشترین یاری ، سایت دروستکردن ، هەواڵی زانستی ، فێربوونی فۆتۆشۆپ ، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان .. زۆری تر**

**لە سیمای سایتی (سی فۆر کورد)ەو بە ئاسانی دەستتان دەکەوێت**

C4Kurd
A weekly Publication on
Information Technology

No. (1)
First Year
Sep. 18 2007
Tuesday

نرخی (500) دینارە

سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

*هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان— بەشێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێک دەردەچێت*

ژمارە (1) ساڵی یەکەم سێ شەممە 2007-09-18


# چارەسەری ڤایرۆسی (AutoRun) تەنها بە دوو کلیک

**دەستپێک**

## سی فۆر کورد بۆ؟

سەرەتا پیرۆزبایی لە خۆمان و خوێنەرانی ئازیز دەکەین بە بۆنەی دەرچونی یەکەم رۆژنامەی زانستی و تایبەت بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان کە ئومێدەوارین بەشێك بێت لە زیاد کردنی خەرمانی رۆژنامەگەری کوردی و بتوانین بە پێی توانا خزمەتی زیندووترین بواری ژیانمان بکەین.

بێگومان هەنگاو هەڵنان بۆ ئەم کارە ئاسان نیەو ئێمەش وەکو چەند کەسانێکی شارەزا لەم بوارەدا پێمان باش بوو هەفتەنامەیەکی لەم شێوەیە دەر بکەین، تاکو هەفتانە بە ئێوەی ئازیز شاد بین و تازە ترین هەواڵی زانستی و تازەترین بەرنامەی پێویست و چارەسەری کێشەکانی ئەم بوارەتان پێشکەش بکەین کە بێگومانین زۆربەمان پێویستمان بەم جۆرە زانیاریانە هەیە کە بە زووی بە دەستمان بگات.

سی فۆر کورد درێژکراوەی سایتی سی فۆر کوردە کە سێ ساڵ زیاترە خزمەتی میوانانی ئەکات، بە هەواڵی تازەو بەرنامەی پێویست و زۆر بواری تری فێرکردن، وامان پێ باش بوو جگە لەوەی بە هۆی سایتەکەوە خزمەت دەکەین بتوانین بە رۆژنامەش بیخەینە بەردەست ئێوەی ئازیز.

بە هەستێکی لێپرسراویەوە دەستمان داوەتە ئەم کارە کە بێگومانین رۆژنامەگەری کوردی لەم قۆناغەدا پێویستی بە هەبونی رۆژنامەیەکی تایبەت بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان هەیە تاکو لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئەم زانستە و عەوداڵبوونی زۆرێکمان بۆ ئەمبوارە ئەمە تینو شکێنەرێك بێت هەم بۆ ئێمەو هەم بۆ ئێوە.

ئەوەی گرنگە لەلامان هەروەکو لە تایتڵی سایتەکەمان نوسیومانە (سی فۆر کورد هی هەموانەو بە هەموانەوە جوانە) هەفتەنامەی سی فۆر کوردیش هەمان دروشمی هەیەو بە ئێوەوە دەتوانین زیاتر خزمەت بکەین و بە ئێوەوە دەتوانین لە سات و وەختی خۆیدا بە یەك بگەین و کاروانی خزمەتەکەمان بەردەوام بێت و هەمیشە چارەسەرکەری کێشەکانی ئەم بوارەتان بین و قوتابخانەی فێربونی زیاتر و بە هەواڵ و وتاری ئەکادیمی هەموان سود مەند بکەین.

بە شێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێك دێینە خزمەتتان تا ئەوکاتەی زیاتر بە ئێوە ئاشنا دەبین و بە بابەت و نوسینی ئێوە شاد دەبین.

بەو ئومێدەی بتوانین ئەم هەنگاوەمان جێگەی رەزامەندی ئێوە بێت و بە هەموانەوە بتوانین بەردێك بخەینە سەر کاری رۆژنامەگەری زانستی بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان □

## مایکرۆسۆفت دەیەوێت بەشی گەرانی یاهوو بکرێت

بۆ جارێکی ترو هەوڵدانێکی تر کۆمپانیای زەبەلاحی مایکرۆسۆفت هەستا بە گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیای یاهوو بۆ کرینی بەشی گەرانی یاهوو. کە ئەمە جاری یەکەم نیە ئەم کۆمپانیایە ئەیەوێت ئەم بەشەی یاهوو بکرێت و تاکو بتوانێت لە پێشبرکێ لەگەڵ گۆگڵ بگاتە ئەنجامێکی باش.

ئەوەی باس ئەکرێت هەتا ئێستا مایکرۆسۆفت ئامادەیە کە بڕی50 ملیار دۆلار بداتە کۆمپانیای یاهوو بە تەنها کرینی بەشی سێرچەکەی □

## کیبۆردێك بە 1500 دۆلار

یەکێك لە کۆمپانیا بە ناوبانگەکان هەستاوە بە دروستکردنی کیبۆردێکی زۆر سەیرو سەر سوهێنەرو بە داهێنانێکی نوێوە کە تا ئێستا نەکراوە. ئەویش بە دروستکردنی کیبۆردێك ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

کیبۆردەکە بە پێی ئەو بەرنامەیەی ئیشی پێ ئەکەین رەنگەکەی ئەگۆرێت، واتە ئەگەر تۆ یاریەك ئیش پێ بکەیت ئەوە دوگمەکانی کیبۆردەکەتایبەت ئەبێت بەو یاریە لە رەنگ و شێوەی دوگمەیدا. کاتێك زمانێك هەڵ ئەبژێرێت بۆنمونە عەرەبی ئەوە هەموو دوگمەکانی سەر کیبۆردەکە ئەبێتە عەرەبی هەروەها بۆ هیندی و چینی و زمانەکانی تریش بە هەمان شێوە ئەگۆرێت.

ئەو کۆمپانیایە بریاری داوە لە مانگی یانزەی ئەمساڵ 400 دانە بەرهەم بهێنێت و هەر یەکەیان بە 1536 دۆلار بفرۆشێت □

ڤایرۆس یەکێکە لەوکێشە گەورانەی توشی هەموان ئەبێت، بۆیە هەمیشە پەنامان بردوە بۆ ئەنتی ڤایرۆسی باش و گونجاو، بەڵام ئەوەی جێگەی تێ رامانە لەم ماوەیە ڤایرۆسێکی تازەی بێزارکەر پەیدا بووە کە پارتیشنی هاردەکەت بە ئۆتۆرەن تێك ئەدات و ناتوانی بە دەبڵ کلیك بیکەیتەوە، واتە ئۆتۆرەنێك لە ناو هاردەکەت دروست ئەبێت. لەگەڵ ئەوەش ئەنتی ڤایرۆسەکانی ئێستا ناتوانێت ئەو ڤایرۆسە لا ببات و کۆمپیوتەرەکەت پاك بکاتەوە.

بەڵام بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەکی زۆر بچوك هەیە کە بە تەنها کلیك کردن لەسەری هەموو ئەو ڤایرۆسانە ئەسرێتەوە کە لە ناو هارد دیسکی کۆمپیوتەرەکەت هەیە. ئەگەر ئەو ڤایرۆسە توشی فلاش میموری بوو بوو ئەوا ئەتوانی ئەو بەرنامە کۆپی بکەیتە ناو فلاشەکەت و ئەوکات کلیك لەسەری بکەیت بۆ پاك کردنەوەی فلاش میمۆریەکە.

بۆ دەست خستنی ئەو بەرنامەیە ئەم لینکە بکەرەوە.

www.c4kurd.com/pro/auto.zip

## ئێف بی ئای 28 هاوڵاتی چینی دەستگیر دەکات

لەو هەڵمەتەی کە ئێف بی ئایی ئەمریکی بە هاوکاری حکومەتی چین کردی بۆ دەستگیر کردنی هاکەرەکانی ئەو وڵاتە هەستان بە گرتنی زیاتر لە 28 هاوڵاتی کە هەستاون بە کراك کردنی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرو فرۆشتنیان بە بڕی زیاتر لە دوو ملیار دۆلار .

لەم هەڵمەتە توانیان دەست بەسەر زیاتر لە 290 هەزار سیدی کراك کراو بگرن کە نرخەکانیان نزیکەی پێنج سەد ملیۆن دۆلارە. زۆربەی بەرهەمەکانی مایکرۆسفت کراك کراون بە نرخێکی کەمتر ئەفرۆشرێنەوە.

وڵاتی چین لە سەدا هەشتاو دووی ئەو پرۆگرامانەی کە بەکاری دەهێنن نا یاساییـن و ئەو وڵاتە بە ناوبانگە لە بەکارهێنانی بەرنامەی کراك کراو، هەروەکو کوردستانی خۆمان باوەریان بە کۆپی رایتی هیچ جۆرە پرۆگرام و گۆرانی و فیلم .. هتد نیە و هەمووی بە خۆرایی و کراك کراو بە دەست ئەهێنن. کە ئەمە بۆتە هۆی نیگەرانی زۆربەی کۆمپانیاکانی جیهان □

## لەیەک کاتدا لە یاهوو و لە گۆگڵ بگەڕێ

سایتێکی نمونەیی و ئاسان کراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی ئینتەرنێت بەکار ئەهێنن و ئەیانەوێت بە هۆی گەرانەوە سودی زیاتر وەربگرن.

سایتی www.gahooyoogle.comبە شێوەیەکی جوان دروستکراوە و کاتێك بۆ وشەیەك دەگەرێیت لەیەك کاتدا لە هەردوو سایتی یاهوو و گۆگڵ دەگەڕێت □

## گۆگڵ (دەبڵ کلیـــــك)ی کڕی

دوای کێبرکێیەکی توند لە نێوان کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گۆگڵ لەچەند رۆژی رابردوو، گۆگڵ توانی ئەو کێبرکێیە بباتەوە کۆمپانیای دەبڵ کلیك بە بڕی 3.1 ملیار دۆلار بکرێت. ئەم برە پارەیەش زیاتر بوو لە سایتی You tube کە برەکەی لەم کەمتر بوو لەگەڵ ئەوەشـــدا پـــارەی دەبڵ کلیك بە نەقدی درا.

سایت و کۆمپانیای دەبڵ کلیك لە ساڵی 1996 دروست بوە بە پێی راپۆرتێکی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز ساڵی رابردوو کۆمپانیای دەبڵ کلیك بە سافی 300 ملیۆنی قازانج کردوە. بەو مانـــایە گۆگڵ زیـــاتر لە دە ئەوەندەی پارەی قازانـــجی ساڵانەی داوە بەو سایتە □




## ئاگاداری هاری پوتەر بن

رەنگە هاری پوتەر لای هەمومان ناسراو و دیار بێت و زۆرمان بە دوای هەواڵی ئەو فلیمە ئەفسانەییە بکەوین، جائەگەر هەواڵەکە باس لە مردنی هاری پوتەر بکات؟!

لەم ماوەیەو دوای دەرچونی بەشی پێنجەمی ئەو فلیمە ئیمەیلێك پەیدا بوە کە هەڵگری ڤایرۆسێکی بەهێزە باس لەوە ئەکات کە هاری پوتەر مردوەو هەواڵەکەش بە لینکێك پێت ئەدات یاخود بە وێنەیەك کە تۆ کلیك بکەیت لەسەری و ئەوکات ڤایرۆسەکە ئیشی خۆی ئەکات □

## نۆکیای N95



نۆکیای ئێن 95 بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو کەوتە بازارەوە کە زۆرێك لە وڵاتان ترسیان لێ نیشتوە بە هۆی بەهێزی ئەم موبایلە لە زۆر بواری جاسوسی و هاککردن و خێرا گواستنەوەی زانیاری. لە تایبەتمەندیەکانی ئەم مۆبایلە ئەمانەن: زۆر خێرایە لە وەرگرتنی شەبەکەو ئەگەر شوێنێك تەشویشی تیا بێت هەر وەرئەگیرێت. خێرایی گواستنەوەی زانیاری (10) ئەوەندەی نەوەی سێهەمە بە توانای سێ مێگاو نیوە لە چرکەیەکدا. دەنگ و رەنگی زۆر بەهێزە و بەشێوەیەکی زۆر ساف ئەتوانێت تۆماری بکەیت. ئەتوانیت شوێنەکان بناسێتەوە کە زیاتر لە 15 ملیۆن شوێنی تێدایە. میمۆری ناوەکی خۆی 160 مێگایە و هەتا دوو گێگاش میمۆری دەرەکی وەر دەگرێت. کامێراکەی 5 مێگا پیکسلە بە 20 ئێکس □

www.c4kurd.com

# YAHOO! چۆن دروست بوو؟

■ هێمن فـاتــح

کەسمان نیە یاهوو نەزانین چییەو چ ئاستێکی هەیە لە نێو سایتەکانی جیهاندا؟! چ لە بوارەکانی خزمەتگوزاری چ لە بواری ئیمەیڵ و بازرگانی، بێگومان هەتا ئێستا یەکەم سایتە لەسەر ئاستی جیهان بەپێی ریزبەندی سایتی جیهانی ئەلێکسا، ئەم یەکەمییەشی لە ساڵانی رابردووەوە داگیر کردوەو تا ئێستا هیچ سایتێکیتر نەیتوانیوە ببێتە یەکەم سایت لەسەر ئاستی جیهان و زیاتر لە 250 ملیۆن ئەندامی هەیە رۆژانە بە ملیۆنان جار دەکرێتەوە و یەکەم سایتە کە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لە ناردن و وەرگرتنی ئیمەیڵداو هەتا ئێستا زیاتر لە 11 هەزار فەرمانبەری هەیە لەسەرتاسەری ئەمریکاو ئەو وڵاتانەی تر کە بنکەی ئەم کۆمپانیایەی تێدایە و ساڵانە زیاتر لە 1.9 ملیار دۆلار قازانجی هەیە بە بەردەوامی کە ئەمە رێژەیەکی زۆر بەرزە بۆ یاهوو و بۆ ئەو ماوە کەمەی کە خزمەت دەکات لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان.

بۆیە جێگەی وەستان و تێڕامانە بزانین ئەم سایتە گرنگ و بەناوبانگە چۆن دامەزراوە و سەرەتاکانی چۆن دەست پێکراوە کە بێگومان پەندێکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت سەرکەوتن بە دەست بهێنن.

ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد زۆرمان دەیزانین رۆژانەش سایتەکەمان بەکارهێناوە و گوێمان لێبوە کە چەندە خزمەتگوزاری باشی هەیە، بەڵام کەممان دەزانین ئەوەیە کە ئەم سایتە کێ دروستی کردوە و چۆن لەسەرەتاوە دروستکراوە؟!.

لە یەنایری ساڵی 1994 هەردوو لاوی گەنج (جێری یانگ) و (دەیڤید فیلو) کە تازە لە زانکۆی ستانفورد لە بەشی ئەندازیاری دەرچووبوون هەستان بە دروستکردنی سایتێك بە ناوی Jerry's Guide to the World Wide Web کە تەنها رێبەرێك بوو بۆ دانانی سایتی تر، واتە رێبەری سایتەکانی تێدابوو و هەوڵیاندەدا کە زۆرترین سایتی تێدا جێگە بکەنەوە.

بەڵام لە ئەیپرلی هەمان ساڵ واتە لە 1994 ناوەکەیان گۆڕی بۆ یاهوو. ناوەکەشی لە رۆمانی (جالیڤەری جوناسا سویفت) وەرگیراوە کە یاهوو ناوی ئەو کەسە گێلانە بووە لە رۆمانەکە کە کەسانی زۆر زیرەك کۆنترۆڵیان کردوون.



هەر لەسەرەتاوە سایتەکە سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا، هەرچەندە سایتەکە بەشێکبوو لە سایتی زانکۆی ستانفورد، هەتا 2ی مارسی 1995 بووە کۆمپانیا و سایتێکی سەربەخۆ.

بەڵام کێشەیەك هەبوو ناوی یاهوو تایبەت بوو بە کۆمپانیایەکی دروستکردنی (صاص) بە ناوی (EBSCO Industries) کە نەدەتوانرا هەمان ناوی بازرگانی ئەو بەکاربهێنن بۆیە هەستان نیشانەی سەرسوڕمانیان لە کۆتاییەکەیدا دانا تاوەکو جیابکرێتەوە لە صاصەکە.

لەسەرەتادا سایتەکە تایبەت بوو بە گەڕان و هەندێك کاری سادە بەڵام رۆژ بە رۆژ بەرەو پێش دەچوو تا لە ساڵی 1997 هەستا بە کڕینی کۆمپانیای Four11 کە تایبەت بوو بە ئیمەیڵ و ناوەکەی گۆڕی کردی بە Yahoo Mail هەروەها کڕینی کۆمپانیای ClassicGames.com کردی بە Yahoo! Game .

کاتێك هەستان بە کڕینی ئەو بەشانە تەنها یەك ملیۆن دۆلاریان هەبوو لە ماوەی تەنها 13 مانگدا هەستان بە فرۆشتنی 2.6 ملیۆن پشك لە یاهوو کە هەر پشکێك بە 13 دۆلار دەفرۆشرا.

یاهوو رۆژ بە رۆژ کۆمپانیاو سایتی تری دەکڕی و کۆمپانیاکەی خۆی پێفراوانتر و دەوڵەمەندتر دەکرد. پاشان هەستا بە کڕینی هەردوو سایتی بە ناوبانگی گەڕان AltaVista , AlltheWeb کردنی بە گەڕانی یاهوو.




بێگومان لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنانەی یاهوو بە دەرکەوتنی سایتی گۆگڵ زۆر کێشە بۆ ئەم سایتە و بە یەکەم مانەوەی خزمەتگوزاریەکانی دروستبوو.

کاتێك گۆگڵ هەستا بە دانانی ئەو ئیمەیڵە کە ئێستا هەیەتی ، یاهوو بۆ ڕکابەرەکی کردنی هات قەبارەی ئیمەیڵەکەی زیادکرد جگە لەوەی چاتکردنی تەنها لە یاهوو ماسنجەرەوە گواستەوە بۆ تێکەڵکردن لەگەڵ چاتی هۆتمەیڵ.

یاهوو تەنها ئیمەڵ و چاتی نیە بەڵکو پێشەنگە لە بوارەکانی خزمەتگوزاری (گەشتوگوزار، تەلەفزیۆنی، تەکنەلۆژی، کەشوهەوا، هەواڵ، مۆسیقا، سایتی تایبەت بە منداڵ، پێدانی سایتی خۆرایی، تایبەت بە ئۆتۆمبیل، تەلەفونکردن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە.. و زۆر شتی تر □

OPEN

## تەکنەلۆژیای زانیارییەکان یاخود (ئای تی) چییە؟

■ بەڕێوەبەری نووسین

دوێنێ جیهان بچووك بوو بە سانایی بەڕێوەدەبرا ، زانیارییەکان کەم بوون بەڕیوەبردنیان ئاسان بوو، بەڵام ئەمڕۆ زانیارییەکان لە ژمارە نایەن، گواستنەوەیان و چارەسەرکردنیان ئاسان نییە بۆیە پێویستی بە تەکنەلۆژیاییەکی تازە هەبوو بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردن و رێکخستنی لێشاوی زانیارییەکان لە سەرتاسەری جیهان، هەر بۆیە تەکنەلۆژیاری زانیارییەکان هاتە ئاراوە.

ئەمڕۆ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بووەتە بزوێنەرێکی سەرەکی بەڕێوبردنی گشت بوارەکانی پیشەسازی و ئابووری و تەکنەلۆژی ... هتد. گرنگترین ئامێر کە دەچێتە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان کۆمپیوتەرە و ئەو پرۆگرامانەی کە لەناویدا کاردەکەن. گرنگی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە سەردەمی ئێستاماندا ئەوەندە زۆرە بۆیە زۆرێك لە وڵاتان ئێستاکە وەزارەتی تایبەت بە تەکنەلۆژیای زانیارییەکانیان دامەزراندووە، ئەمەو سەرەڕای چەندین رێکخراو و کۆمەڵەو زانکۆی تایبەت بەم زانستە نوێیە.

دیارە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پێناسەی زۆری بۆ کراوە من لێرەدا ئەو پێناسە گشتگیرە دەخەمە روو کە (کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان Information Technology Association of America (ITAA) کردویەتی:

(I.T) کورتکراوەی (Information Technology)یە بەواتای تەکنەلۆژیای زانیارییەکان کە ئەمیش بریتییە لە دیراسەکردن و نەخشەدانان (Design) و گەشەپێدان و جێبەجێکردن و بەرێوەبردنی ئەو سیستمانەی زانیاری کە پشت بە کۆمپیوتەر دەبەستن بە بەشداری هەردوو بەشی سەرەکی پارچەکانی هاردوێری کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانی.

تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1- هەموو پارچە هاردوێرییەکانی کۆمپیوتەر.
2- ئەو پرۆگرامانەی کۆمپیوتەر کاری پێدەکات.
3- ئەو تۆڕ (Network)و پارچانەی کۆمپیوتەرەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە.
4- ئامرازەکانی پاراستنی ئاسایش (Security)ی کۆمپیوتەر کە کۆمپیوتەر دەپارێزن لە هاك کردن و تووش بوونی بە ڤایرۆس و ... هتد.
5- تۆڕەکانی ئینتەرنێت.
6- تۆڕەکانی تەلەفۆن و مۆبایل.
7- سیستمی دیاریکردنی شوێنی جیهانی (GPS) و...هتد

بەم دواییانە چەمکی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان هەوڵی فراوانکردنی زیاتری بۆ دراوە بۆ ئەوەی بەشەکانی گەیاندنیش لەخۆ بگرێت بۆیە هەندێ کەس ناوی دەبەن بە (ICT) (Information & Communication Technology)

دیارە لە کوردستانی خۆشماندا لەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگییەکی تایبەت دراوە بەمبوارە گرنگە و ئێستاکە کۆلێژ و سەنتەری تایبەت بەمبوارە کراوەتەوە کە ساڵانە دەیان قوتابی و خوێندکار پسپۆری لەمبوارە وەردەگرن، ئەمە و سەرەڕای ناردنە دەرەوەی فەرمانبەرانی حکومەت بۆ بینینی کۆرسی تایبەت بەم بوارە □

## ویکیپیدیا بناسە



سایتی ویکیپیدیا یەکێکە لە سایتە هەر بە ناوبانگەکانی جیهان کە ریزبەندی نۆیەمە لە دوای سایتی یاهوو گۆگڵ و مایکرۆسوفت...هتد.

ویکیپیدیا وەکو مەوسوعەیەکی جیهانی پڕ لە بابەت و دەوڵەمەند ناسراوە و رۆژانە بە هەزاران بابەتی بە زۆربەی زمانەکانی جیهان تێدا بڵاودەبێتەوە.

لێرەدا حەز دەکەین سەبارەت بەم سایتە بە ناوبانگە جیهانیە باسێکتان بۆ بکەین کە هەر چییەکت ویست لەوێ دەستت دەکەوێت.

(ویکی) بە مانای یەکێك لە سیستەمە بەرێوەبردنەکانی سایت دێت لە تۆری ئینتەرنێتدا، بەڵام تایبەتمەندییەکەی ئەم سیستەمی بەرێوەبردنە ئەوەیە کە هەموو کەس دەتوانێت بابەتی تێدا بڵاو بکاتەوە و دەستکاری بابەتەکان بکات.

جێی ئاماژە بۆ کردنە کە سایتی ویکیپیدیا پرۆژەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی مەوسوعەیەکی ئازاد و ورد و گشتگیر. ئامانجی دروستکردنی ئەم سایتە ئەوەیە کە ببێتە مەوسوعەیەکی گەورەو بەهێز کە هەموو کەس ئەو زانیاریانەی هەیەتی بە ئازادی بیخاتە نێو سایتەکەوە.

ووشەی wiki لە دورگەی هاوای هاتووە و پیدیاکەش لە ووشەی ئینسایکلۆپیدیاوە هاتووە.

خاوەنی بابەتەکان هەموو ئەوانەن کە بابەت دەنێرن و تۆش دەتوانی ببیتە ویکیپێدك و بابەت بنێری و دەستکاری بابەتەکان بکەیت، ئەگەر هەڵەیەکت بینی لەناویدا ئەوا تۆ زۆر بەئاسانی دەتوانی هەڵەکە ڕاست بکەیتەوە و ئەمە ئاسانترین هۆکارە بۆ سەرخستن و مانەوەی ئەم پرۆژەیە.

جێی گوتنە هەر لەم پرۆژەدا ئەگەر دڵنیا نەبویت لە ڕاستی و دروستی وشەیەك ئەوا دەتوانی بیخەیتە خانەی (گفتوگۆ)ەوە کە خەڵکیتر لەوێ یارمەتیت دەدەن بۆ چاککردنی ئەو هەڵەیە.

بێگومان لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا ئەو هەموو بابەتانە و هەموو خەڵکە بەشدارن تا چەندێك نوسینەکان و سەرچاوەکان راستن و شتی هەڵەی تێدانیە؟! لێرەدا وەڵامێکی ئاسان هەیە ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە بەشدارن و هەمووان سەردانی دەکەن و هەمووان ئەگەر هەڵەیان بینی ئەوە ڕاستی دەکەنەوە بۆیە زۆر جار ناهێڵرێت هەڵە رووبدات، لەگەڵ ئەوەش زۆر جار کێشە دروست دەبێت بۆ ویکیپیدیا ئەویش زۆر کەس دێت قسە بە ئاینەکان دەڵێن بۆ نمونە موسڵمانەکان قسە بە جولەکەکان دەدەن بە پێچەوانەوە جولەکەش وتاری دژ بە ئیسلام و موسڵمانان بڵاودەکەنەوە بۆیە دوای راست کردنەوەی بابەتەکە و ئەو وتارانەی تایبەتن بەو بوارە دەستکاری کردنی زەحمەت دەبێت و ئەو کەسانە کە دەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوە دەریان دەکەن و ناهێڵن بەشداری بکەن یاخود ئەو بەشەی ویکیپیدیا چاك بکەن.

ویکیپیدیا لە 10ی ئەم مانگە ئاهەنگی گێڕا بە بۆنەی دانانی وتاری ژمارە دوو ملیۆن تەنها لەبەشی ئینگلیزیدا هەیە، ئەگەر سەیری بەشەکان و زمانەکانیتر بکەین ئەوە هەریەکەیان زیاتر لە 25 هەزار بابەتی تێدایە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بکەین بەوەی کە بەشێکی تایبەت بە زمانی کوردیش کراوەتەوە و زۆر بابەتی تێدایە و بە زمانی شیرینی کوردی نوسراوە بە هەردوو شێوەی لاتینی و سۆرانی.

تۆش دەتوانی لە بەشی کوردی بابەت بنێریت و زۆر بە ئاسانی لە گەورەترین مەوسوعەی جیهاندا بابەتی خۆت ببینی.

ئەمە لینکی سەرەکی ویکیپیدیایە
www.wikipedia.org

لینکی ویکیپیدیاش بە زمانی کوردی
Ku.wikipedia.org

## هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی رۆشنبیری وەردەگرێت

مژدە بە خوێنەرانی (سی فۆر کورد) دەدەین کە هەفتەنامەکەمان مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (6229) لە 13-9-2007 ، مۆڵەتی ژمارە (764)ی پێدراوە.


هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی رۆشنبیری
ژمارە: ١٠٤٥ / م
رۆژ: ١٣/ ٩/ ٢٠٠٧

مۆڵەت

بە پێی برگەکانی یاسایی چاپەمەنی ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٣ و فەرمانی وەزاری ژمارە (٦٢٢٩) لە ١٣/ ٩/ ٢٠٠٧ لەبەر ئەوەی رۆژنامەی (سی فۆر کورد) کە خاوەن ئیمتیازی بەڕێز (فاتح ابراهیم مجید) و سەرنوسەرەکەی بەڕێز (هێمن فاتح ابراهیم) مەرجەکانی یاسایی تێدایە بۆیە بڕیارماندا مۆڵەتی ژمارە (٧٦٤)ی پێ بدەین بۆ ماوەی یەک ساڵ.

وەزیری رۆشنبیری

# بەکوردی کردنی تەکنەلۆژیا گرنگیەکەی لەچی دایە؟

■ **هەردەوان نەقشبەندی**

ئەمرۆ تەکنەلۆژیا کێبرکێی تەواوی وڵاتانی دونیایە واتا وڵاتان دەیانەوێ لە رێگەی داهێنانی تەکنەلۆژیا خۆیان و تواناکانیان دەربخەن، گەلی کوردیش وێرای هەموو داگیرکاری و نەهامەتییەکان ئەمرۆ هەرێمی کوردستان دەیەوێ تێکەڵی دونیای زانست و تەکنەلۆژیا بێت لەماوەی رابردوو کۆمپانیای "LG" کە کۆمپانیایەکی دیاری بواری تەکنەلۆژیایە بە یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوێکی گەورە "LG"زمان و پرۆگرامی کوردی خستە نێو هاندی مۆبایلی جۆری "LG" دیارە ئەم هەنگاوە بە ئاراستەی دروست هەنگاو دەنێ، خۆی پرسیار ئەوەیە ئەم هەنگاوە بە کوردیکردنی پرۆگرامی مۆبایل گرنگیەکەی لەچیدایە؟ بێگومان ئەم هەنگاوە نرخەکەی زانست و تەکنەلۆژیا، واتا ئەم دەستپێکە سەرەتاییە بە ئامانجی کردنەوەی دەرگای تەکنەلۆژیایە، ئەو دەرگایەی دوژمنان و داگیرکەران هەمیشە دژی دەوەستنەوە بۆ کرانەوەی بەرووی کۆمەڵگای کوردی، بەکوردیکردنی پرۆگرام و سیستەمی تەکنەلۆژیایەك کە ئەمرۆ بەشێکی گەورەی ژیانی سەردەمە بۆخۆی دەلالەتە لە خواستی کورد بۆ چوونە نێو دونیایەك کە ئەمرۆ کورد پێویستی زۆری پێ هەیە پێویستیەك بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە پەیامی نەتەوەیی و سیاسی خۆمان بگەیەنین هەروەکو رێزدار کاك "نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی حکوومەت ئەوەی دووپات کردەوە لە مەراسیمی لادانی پەردە لەسەر یەکەم هاندی مۆبایل بە زمانی کوردی کە ئەمکارە زیاتر سیاسییە، واتای ئەمە ئەوەیە کە لە رێگەی ئەم پرۆگرامەوە بەزمانی کوردی گەلی کوردستان دەیەوێ ئەو پەیامەی خۆی بگەیەنێ واتا پەیامی بە زانستبوون و ئاشتی و پەیامی تێکەڵکردنی زمان و نووسینی کوردی شانبەشانی زمان و نووسینی گەلان واتا گرنگی بە کوردیکردنی تەکنەلۆژیا دوو سیمای تایبەت و دیاری هەیە یەکەمیان تێکەڵاوبوونی کورد بە ناو سیستەمی زانست و تەکنەلۆژیا دووەمیان: سیاسیانەی مەسەلەکە وا لە پشت بوونی نەتەوەیی چونکە لە رێگەی ئەم داخیل بوونەی کورد لە لیستی زمانە جیهانیەکان. گەلی کورد پەیامی نەتەوەیی خۆی دەدات و دەیسەلمێنی کە گەلی کورد وێرای هەموو ستەم و داگیرکەرییەکان دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە رێزی گەلان و رۆشنبیری و کلتووری خۆی بخاتە روو.



بەهیوای ئەم چوونە ژوورەوەیە بۆ نێو جیهانی تەکنەلۆژیا و سیستەمی جیهانی دەرگای زۆرتر بە رووی گەلەکەمان بکاتەوە چونکە ئێمە کۆمەڵێك بنەمامان هەیە کە رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی زیاتر و قوڵتر بچینە نێو دونیای شارستانی و زانست و تەکنەلۆژیا بۆ ئەوەی بچینە نێو ئەم دونیایەی کە تواناکانی کوردو کۆمەڵگای کوردی زیاتر و فراوانتر بکات. بۆیە دەخوازێ ئەم هەنگاوە درێژەی هەبێ کۆمپیوتەریش بگرێتەوە و داهێنانیش دروست بکات و تەکنەلۆژیای خۆماڵی لێ دروست بێت پیرۆزە بەکوردیبوونی مۆبایلی "LG" نەخشەبێ لە دامەزراوەکانی تری زانست و تەکنەلۆژیا بەهیوای ئەوەی ئێمەش دەست بەهەڵگیرسانی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و بەکوردیکردنی تەکنەلۆژیا بکەین هەنگاو بەهەنگاو بەرەو باوەشی زانست و زانیاری بڕۆین تا کوردستانێك لە زانست و تەکنەلۆژیا بونیات بنێن □

# چەند ئامۆژگارییەکی بیڵ گیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆ قوتابیانی ئامادەیی

کەسمان نیە بیڵ گیتس نەناسێت کە دەوڵەمەندترین کەسی جیهانە و خاوەنی کۆمپانیای زەبەلاحی مایکرۆسۆفتە.

لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی ئامادەیی ئەمساڵ ئامادە بوو، لەگەڵ پیرۆزبایی لە قوتابیان چەند ئامۆژگاریەکی پێشکەش کردن کە جێی خۆیەتی لێرە بڵاوی بکەینەوە و هەموومان سود لەو پیاوە سەرکەوتووە وەربگرین:

**ئامۆژگاری یەکەم:** ژیان دادپەروەر نیە، بۆیە دەبێت رابێیت لەگەڵ ئەوەدا. واتا ئەوە بزانە کە کەس لە ژیاندا دەستت بۆ درێژ ناکات و دەبێت خۆت هەوڵبدەیت و کاری قورس ئەنجام بدەی تا جێگای خۆت بکەیتەوە.

**ئامۆژگاری دوهەم:** جیهان گرنگی نادات بە تۆ کە چیدەکەیت و حەزت لە چییە و کارت چییە. بەڵکو دەبێت خۆت هەوڵبدەیت جێگەی خۆت لە جیهاندا بکەیتەوە.



**ئامۆژگاری سێهەم:** تۆ کاتێك لە ئامادەیی دەردەچیت خاوەن شەست هەزار دۆلار نیت و ناتوانی سەیارەیەك بکڕیت تەلەفۆنی تێدابێت، کاتێکیش لە کۆلێژ دەردەچیت ژیان هەروا ئاسان نییە و دەبێت زۆر هەوڵبدەیت و شەونخونی بکەیت . ئەگەر بڕیار بدەیت ببیتە خاوەنی ئەو بڕە پارەیەی سەرەوە ئەوە دەبێت لێبڕان و ماندوونەناس بیت ئەگەر توانیت وابیت ئەوە بێگومان لە کۆتایدا پێی دەگەیت.

**ئامۆژگاری چوارەم:** کاتێك ئێوە لە ئامادەیین مامۆستاکانتان هەمیشە لێتان دەپرسێتەوە و بە دواداوچون دەکات لەسەر فێربوون و یارمەتیدانت کە ئەمەت لاگرانە زۆر جار کاتێك مامۆستاکەت سەرزەنشتت دەکات لەسەر فەرامۆش کردنی وانەیەك، لەکاتێکدا کە دەچیتە ناو ژیانی راستەقینە ئەوە هەرگیزاو هەرگیز بەو شێوەیە رەفتارت لەگەڵ ناکرێت و ئەگەر تۆ زۆر بەختت هەبێت ئەوە ژیان تەنها یەك بوار دەداتە تۆ، بە پێچەوانەی سەردەمی ئامادەییت بە هیچ شێوەیەك بەزەیی بەدی ناکەیت و خاوەنی کارت ئامادەنییە فرسەتت بداتێ کاتێك کە لە کارێکتدا بێ ئەمەکیت نواندوە و بێ بەزییانە دەرتدەکات.

**ئامۆژگاری پێنجەم:** لەم تەمەنەتدا هەمیشە باوك و دایکت لەگەڵتدان بۆ فێرکردن و یارمەتیدانت لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت هەموو کەس هەتا سەر دایك و باوکی بۆ نامێنێت بۆیە دەبێت لە هەڵەکانی خۆت فێربیت و تەجروبەی ژیان زوو فێری خۆ ڕاگریت بکات، ئەگەر نا ژیان لەگەڵتدا بە بەزەیی نابێت □

# گۆگڵ مۆمی (10) ساڵەی دادەگیرسێنێت

کێ لەوبروایەدا بوو ئەو کورە گەنجەی زانکۆ بە ناوی لاری لەگەڵ هاورێ یەکەی لە بەکرێ گرتنی گەراجێك کە مانگانەکەی 150$ بوو لەم رۆژەدا لە 15 ی 9 ی 1997 دەست بکات بە دروستکردنی گۆگڵ و ئێستاش دوای دە ساڵ بە ملیۆنان کەس پێویستی بەو سایتە هەبێتو لە 0.2 ی چرکەیەك کەسێك لە ناو ئەو سایتەدابێت لە هەموو جیهاندا.

مانای ووشەی گۆگڵ مانایەکی ماتماتیکی هەیە کە بە مانای ژمارە 1 دێت کە 100 سفر لە دوایدا بێت هەروەکو چۆن دەبنین کاتێك گەرانێك دەکەین لە سایتی گۆگڵ پیتی (O) ژمارەی زیاد دەبێت بە پێی ژمارەی لاپەرەکانی گەرانەکەت .

لاری پەیج کە گەنجێکی خوێندکاری زانکۆ بوو لەگەڵ برادەرەکەی گەراجێکیان بە کرێ گرت و دۆمێنی سایتی گۆگڵیان بە کرێ گرت. کە هیچ کەسێك لەو باوەرە نەبوو گۆگڵ ببێتە ئەو سایتەو کۆمپانیایەی ئێستا هەیەو سەرمایەکەی بە ملیۆنان دۆلار بێت.

هەتا ئێستا سایتی گۆگڵ بە سەرکەوتوو ترین سایتی گەران دێت لە جیهاندا و زۆربەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئەو گەرانە بەکاردێنن. بە پلەی سێهەم دێت لە ریزی سایتە جیهانیەکان لە سایتی ئەلێکسا لە دوای یاهوو و مایکرۆسۆف □

# سایتی چەند وەزارەتێکی هەرێمی کوردستان

## حکومەتی هەرێمی کوردستان

www.krg.org



ئەم سایتە سایتی رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هەموو هەواڵەکانی حکومەتی هەرێم لە خۆ دەگرێت.

## وەزارەتی بازرگانی

www.kurdistanmot.com



سایتی تایبەت بە وەزارەتی بازرگانی و جگە لە هەواڵەکانی بازرگانی لە کوردستان رۆژانە نرخی شتومەکی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

## وەزارەتی کارەبا

www.krgelectric.org



هەموو هەواڵەکانی وەزارەتی تێدایە و هەوڵ دەدرێت رۆژانە بواری کارەبای هەرێمی تێدا بڵاو بکرێتەوە.

## وەزارەتی داد

www.dad4kurdistan.com



سایتی وەزارەتی داد جگە لە هەواڵەکانی وەزارەت هەموو ژمارەکانی گۆڤاری وەقایعی کوردستانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

## وەزارەتی گەیاندن

www.moc-krg.com



ئەم سایتە بابەتی زانستی تایبەت بە گەیاندنی زۆری تێدایەو گۆڤاری گەیاندیش دانراوە.

## وەزارتی وەرزش و لاوان

www.mosy-krg.org



هەموو هەواڵی وەرزشی رەسمی لە کوردستان لەم سایتەی وەزارەت دەستت دەکەوێت.

## وەزارەتی پەروەردە

www.kurdistanmoe.org



سایتی رەسمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەریمی کوردستانە.

## وەزارەتی ژینگە

www.zhenga.net



هەموو هەواڵێکی ژینگەیی کوردستانی و جیهانی تێدایە. جگە لەوەی دیدارەکانی وەزیری تێدایە.

## وەزارەتی مافی مرۆڤ

www.mohrkrg.org



لەم سایتەی وەزارەتی مافی مرۆڤ چالاکیەکانی وەزارەتی تێدایە جگە لە هەواڵەکانیان کە هەمووی بە فایلی پی دی ئێف دانراوە.

## وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

www.kurdistan-molsa.com



ئەم سایتە سایتی فەرمی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یە کە هەواڵ و چالاکی و راپۆرتەکانی وەزارەتی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

سی فۆر کورد

هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

خاوەنی ئیمتیاز: شێخ فاتح ابراهیم

سەرنوسەر: هێمن فاتح
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر: هەردەوان نەقشبەندی
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین: حازم حەمەد جاف
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

# ئاگاداری

ئاگاداری ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەینەوە کە دەیانەوێت بابەتەکانیان لە (سی فۆر کورد) بڵاوبکرێتەوە، با ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

1– پێویستە بابەتەکان تایبەت بن بە بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیاری زانیارییەکان.
2– بابەتەکان بە سیستەمی یونیکۆد نوسرابێت باشترە .
3– تا بکرێت بابەتەکان کورت و پوخت بن و وێنەیان لەگەڵدا بێت.
4– ناوی سەرچاوە بە روونی تێدا نووسرابێت.

بەم ئیمەیلە ئەتوانن بابەتەکە ڕەوانە بکەن:
np@c4kurd.com

# زیاتر لە سێ ملیارو سێسەد ملیۆن کەس خاوەنی مۆبایلن



هەواڵێك لە رۆیتەرزەوە بڵاو کرایەوە کە سەرژمێری ساڵی 2007 بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایل لە جیهاندا گەیشتە 3.35 ملیار کەس لە جیهاندا بە مانای نیوەی جیهان خاوەنی موبایلن، کە بە پێی تازەترین ئامار جیهان نزیکەی 6.6 ملیار کەسە.

لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەی خاوەنی مۆبایلن و بەکاری دەهێنن هێشتا لە زۆر وڵاتی جیهان داخوازی زۆری لەسەرەو بەردەوام زۆرتر دەبێت.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی مۆبایل ئەوەیە کە هەموو توێژو چینەکانی ناو کۆمەڵگا بەکاری دەهێنن و سودی لێ دەبینن. هەرهەمان سەرچاوە وتی لە یەك خولەکدا زیاتر لە هەزار کەسی نوێ بەشدار دەبن لە سەرتاسەری جیهاندا.

جون تسیوی کە هاوکارە لە کۆمپانیای The Mobile worldی بەریتانی دەڵێت لە ماوەی 20 ساڵ ئەوسا بەکارهێنەرانی مۆبایل گەیشتە یەك ملیار ، بەڵام لە ماوەی 40 مانگدا ملیاری دووهەم زیاد بوو لە جیهاندا واتە بەکارهێنەرەکان بونە دوو ملیار کەس.

بەڵام ئەوەی سەیرە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو ملیاری سێهەم زیاد بووو ژمارەکە بوەتە سێ ملیارو سێسەدو پەنجا ملیۆن بەشداربوو لە بەکارهێنانی مۆبایلدا ☐

# کڵاوێک بۆ هەڵگرتنی iPod




iPod یەکێکە لە ئامێرە زۆر نوێیەکانی ئەم سەردەمە کە کۆمپانیای بەناوبانگ Apple دروستی دەکات کە تایبەتە بە لێدانی دەنگ و ڤیدیۆ و هەڵگرتنی ناونیشان و پیشاندانی وێنەو زۆر شتی تر. هەروەها ئەتوانی وەکو هاردی دەرەکی بەکاری بهێنی کە تازەترین ئای پۆد ئێستا قەبارەکەی گەیشتۆتە 160 گێگا بایت.

بێگومان لەگەل ئەو تەشەنە زۆرەی ئەو ئامێرە لەسەر ئاستی جیهان کردویەتی هەمیشە بیرکراوەتەوە کە داهێنانی زیاتری بۆ بکرێت لەکاتی هەڵگرتن و گوێگرتن لێی.

سایتی www.ixoundwear.comهەستاوە بە داهێنانێکی نوێ کە ئەویش دروستکردنی کڵاوێکە جێگەی دانانی ئای پۆدەکەی هەیەو نزیکە لە گوێ بۆ ئەوەی بە ئاسانی گوێی لێ بگریت و بە شێوەیەکی زۆر رێك و پێك دروستکراوە. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو جۆرە کڵاوانە دروست بکرێت و زۆرێك لەوانەی هەمیشە ئەو ئامێرەیان پێیە بە داهێنانی سەرکەوتو و زۆر باشی دادەنێن ☐

# دوا کلیک

باوکی هێڤار

(دوا کلیك) ستونێکی سی فۆر کوردە کە دوا بەشمانەو حەز دەکەین هەندێك بابەتی هەمە جۆری تێدا بڵاوبکەینەوە. لەوانە شتە سەیرو سەمەرەکانی ناو جیهانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر. لە داهاتو زیاتر ئاشنا دەبن پێی هەوڵ دەدەین ئەوەی پێویستە لەو بوارە بە ئێوەی ئازیزی بگەیەنین.

زۆر جار کاتێك دەمانەوێت ئیمەیڵێك بکەینەوە یان ببینە ئەندام لە سایتێك هەندێك زانیاری دەوێت پێی بدەین تاکو دەبینە ئەندام. یەکێك لەو زانیاریانە داوات لێ دەکات کە رەگەزی خۆت دەست نیشان بکەیت. ئەویش هەڵبژاردنە لە نێوان رەگەزی نێرو مێ.

ئەوەی من دەمەوێت بۆتانی باس بکەم و پیشانتانی بدەم وێنەی سایتێکە کاتێك دەتەوێت ببیتە ئەندام و یەکێك لەو شتانەی کە داوای ئەوەت لێ دەکات کە چ رەگەزێکیت. ئەو سایتە سێ ئیختیاری پێ داویت ئەوێش (نێرو مێ و شتێکی تر) ، ئیتر شتێکی ترچیە ئەوە خۆتان بریار بدەن. :) دەزانم بیر لە چی دەکەنەوە بەڵام لە بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە هەموو سایتەکان تەنها بۆ ئەو دوو رەگەزە دانراوە بەڵام دیارە ئەو سایتە دەیەوێت شتێکی تازە بەکار بێنێت و یارمەتی ئەو برادەرانەی تر بدات و مافیان بپارێزێت ☐




